
# ناوی کەستان ناهێنم و... کەستانم لەبیرنەچووە

*بۆ هاوڕێیانی زیندانیی ناو ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی*

ئازیزان...پیرۆزبایی ڕۆژی 8 ئازاری ساڵی 1991 تان لێ ئەکەم
پیرۆزبایی لە هیواتان بۆ ژیان لە ساتە چرکەی دژوار و باریکی مەرگ و ژیان دا
ئەو کاتەی کەهەموومان دوایین چرکەکانی ناو زیندانمان بە کۆمەڵێک وورەو ئاوات و خۆزگەوە بەستبۆوە.
ئەو ساتەی هەموو بیرو هەڵبەستێک چۆکی دادەدا لە وەسفی دا، هەروەک چۆن هیچ هەڵبەست و وەسفێک نەی ئەتوانی پڕ بە باڵای ئازار و ئەشکەنجەی زیندان بێت.
بە ڕاپەڕین ئێمە و جەماوەر پێکەوە ئازادبووین
ئاواتمان هاتەدی و سەرلەنوێ بۆ ژیان پێ ئەکەنینەوە
ئەو ساتە وەختە گەورەترین و ئاسودەترین کاتی ژیانمان بوو
ئێمە بەهیمەت وئازایەتی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و شاری سلێمانی ژیانمان سەرلەنوێ، نوێ کرایەوە و بە ئازیزانمان شاد بوینەوە.
خەبات و تێکۆشانیش پاشەکشەی بە دڕندەترین دوژمن کرد
لەم ساڵ یادەدا...
سڵاو بۆ هەڵمەت و بەشداری فراوانی جەماوەر
سڵاو لەو خەبات گێڕانەی کە سەرمەشقی ڕاپەڕین بوون
بەرزوبەڕێز بێت خۆڕاگریتان لە زیندان دا
سڵاو وڕێز بۆ کەس وکاری گیان بەختکردوان
چەپکە گوڵی وەفا بۆ گیانی ئازیزانی گیان بەختکردوو
مەرگ ونەمان بۆ زوڵم و زۆرداری
بژی ئازادی، سەربەستی، یەکسانی


تەمەنێکی درێژ و ژیانێکی کامەران بۆ هەمووتان

مقداد هادی...یەکێک لە زیندانیانی ناو ئەمنە سورەکەی شاری سلێمانی
8 ئازاری 2006